# حکایەتە خورافیەکانی زەمەنێکی شوم

## خوێندنەوەیەك بۆ  نۆڤێلای شتێك لەقوڕی خورافە  .

محمد حسین   /   کلار



لەدوای خوێندنەوەی هەر نوسراوەیەکی  ئەدەبی کۆمەڵێك پرسیار هەیە فزوڵیەتی خوێنەر ئەوروژێنێت , ئەشێت ئەم پرسیارانە والەخوێنەر بکات بەسەرلەنوێ خوێندنەوە و  وردبونەوە  لەو دیوی دێڕو وشەکانەوە بۆ وڵامەکانی بگەڕێت , ئەشێت وەك زۆر پرسیاری تری ژیانی ڕۆژانەیش لێیگەڕێین و بیدەینە دەست فەرامۆشی , بەڵام هەمیشە تێکستەکان پرسیاری خۆیانیان پێیە , ماوەتەوە لای خوێنەر چۆن بەدوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێت , مەرجیشە بۆ ئەم گەڕانانە خوێنەرێك بین توانای دۆزینەوەی ماناجیاوازەکان و ڕەهەندەجیاوازەکانی خوێندنەوەمان هەبێت  , لانی کەم بتوانین ئەو ماناو ئاماژانەی تێکستەکە بدۆزینەوە  کە وەك یەکێك لەئەگەرەکان لەبەر دەمماندا کراوەیە . بۆیەکەم جار کە نۆڤێلای novella  (⋆) ( شتێك لەقوڕی خورافە , ی ئیسماعیل حەمەدەمین ) م خوێندەوە هەستم کرد دەقێکی نائاسایی دەخوێنمەوە , دەقێك کەلە سادەیدا نائاساییە , کە پێش ئەم تێکستە تەنها لە (سید پالوماری ) ئیتالۆکالڤینۆدا (⋆⋆) هێندە بەجوانی سادەیم بینیوە . دیارە سادەیی بەم مانایە تەواو جیاوازە لەو سادەییەی کەهەندێك تێکست لەلاوازیدا سادەیە  , یان سادەییەکەی بەشێکە لەلاوازی و کرچو کاڵی تێکستەکە , بەداخەوە من  نەمتوانی بەکوردی هیچ وشەیەکی تر بۆ  (بساطة) و simplicity  بدۆزمەوە , بۆئەوەی خراپ تێگەیشتنیش دروست نەبێت پێویستیە بڵێین ، سادەی ئەم تێکستە لەو جۆرە سادەییانەیە کە سادەیی تیایدا وەك چەشەیەکی هونەری خراوەتە گەڕ , یان بەشێکە لەو هونەری ( خوێنەربەخۆوە هەڵواسینەی ) کە هیچ کارێکی هونەری و ئەدەبی نیە بەبێ ئەم تەکنیکە تادواهەنگاوی خوێندنەوە خوێنەرەکانی لەگەڵ خۆیدا ڕاکێشێت  , زۆر کەمیشن ئەو نوسەرانەی بەسادەیی لەم جۆرە توانیویانە تێکستی چاك بەرهەمبهێنن .

ئەم تێکستەی ئیسماعیل ( شتێك لەقوڕی خورافە )سەرەتایترین خوێندنەوەی  پێمان ئەڵێت , کە دەقێکی جیاکارو تایبەتە لەناو ئەو تابلۆ ئەدەبیەی چیرۆکنوسانی ساڵانی نەوەتەکانی ئەدەبی کوردی دروستیان کردووە . تێکستێکە بەرِوخسارێکی نامۆی چیرۆکبێژیی و دەنگێکی تازەی حکایەتخوانی , نامۆیە بەو مانایەی کەلەئەدەبی گێڕانەوەی پێشتری کوردیدا شێوازی لەم جۆرەمان نەدیوە , تازەیشە لەبەر ئەوەی دەنگی گێڕەرەوەکەی ناو ئەم تێکستە جیاوازە لە هەموو ئەو تایبەتمەندیە نەریتیانەی حکایەتخوان لەمێژوی ئەدەبی گێڕانەوەدا هەیبووە

.

هەر لەیەکەم پەرەگرافیەوە لەگەڵ پیاوێك ئاشنائەبین کە ئەیەوێت بەگێڕانەوە ڕامانبگرێت , پیاوێکە غەریقی ئارەزوی گێڕانەوەی ئەو ڕابردووە بریندارەی خۆیەتی کە ڕۆژە تێپەڕیوەکانی تەمەنی لەگەڵدا گوزەراندووە . لەم تێکستەدا خوێنەر لەگەڵ خەیاڵی داهێنەرێکدایە کەئەیەوێت بەگێڕانەوە زۆر شتمان پێ بڵێت پێشتر ژیان چەپاندویەتی و دەرفەتی دەرکەوتنی نەداوە . ڕاستە کۆمەڵێك وردەکاری ئاسایی و ساکاری ژیانی چەند کەسایەتیەکمان پێئەڵێت کە بەرِوکەش کەسایەتی مەئلوفن بەلای هەر خوێنەرێکەوە . بەڵام بەدیویکی تریشدا ئەوەی ئەم تێکستە پێمان ئەڵێت کۆمەڵێك ئاستی فەرامۆشکراوی ژیانە , کە مەگەر هەر خەیاڵ و سەلیقەی ئەدەبی چیرۆکنوس پەی پێبەرێت لەناو دەریای شتە ونبوو فەرامۆشکراوەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا  . سێبەرە مێژوویەکانی ئەو ژیانەیش لەدووتوێی دێرەکانیدا پێی ئاشنا ئەبین هەر لەسەرەتاوە مەحکومی کۆمەڵێك گرێیمێژویی ئاوس بەگێڕانەوەیە  , کەنەلەزەمەنی ڕوداوا  ( ڕۆژگاری دەسلاّتدارێتی بەعس لەکوردستاندا ) بواری بەحکایەتکردنی هەبووە , نەلەرۆژەکانی دواتریشدا قەدەری گێڕەرەوە هێشتویەتی بکرێتە چیرۆك , چونکە لەسەرەتای تێکستەکەدا پێمان ئەڵێت : ( ئەو چ پیاوێکی تێکشکاوی نێو زیندەخەونەکانیەتی ) .

ئەم نوسینە ئەیەوێت هەڵوەستەیەك لەسەر ڕوخسارە حکایەتیەکانی ئەم تێکستەبکات , دواتریش ئاماژەکانی  کلۆڵی و قەدەریەت لەم تێکستەدا بخوێنێتەوە , کە تارادەیەکی زۆر ئاماژەن بۆکلۆڵی و قەدەریەتی  سەردەمێك بەهەموو بلاّو نەهامەتیەکانیەوە  . هەمو

سەردەمێکی مێژوویی ئەدەبی خۆی بەرهەم دێنێت , هەموو ئەدەبێکیش کاریگەریەکانی ئەو ڕۆژگارەی پێوە دیارە کە تیا ئەوترێت , یان ئەنوسرێت , بەلاّم تێکستی شتێك لەقوڕی خورافە , تێکستێکە لەئەمڕۆداو بەتەکنیکە ئەمڕۆییەکانی حکایەتخوانی ئەیەوێت تاریکترین و سەختترین سەردەمی مێژوویی مرۆڤی کوردمان بۆبگێڕێتەوە کە هەشتاکانی سەدەی بیستەمە . گەر ناوی ئیسماعیل لەسەر بەرگی ئەم تێکستە نەبوایە بۆئەوە ئەشیا بەحکایەتی نەوەیەك , یان مانفیستۆی ئازارەکانی قۆناخێك وەرمان بگرتایە .

نەخشەی چنینی ئەم تێکستە زۆر سادەو ساکارە , تاڕادەیەکی زۆریش گوزارشکەرو سەرکەوتووە و ئەزمونێکی تازەی ئەدەبی گێڕانەوەی کوردیە . لەئەزمونی چیرۆکنوسی هەندێك لەو نوسەرانەی لەنەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستیان کردە بلاّوکردنەوە دوودیاردە زۆر زالّ بوون :

یەکەم : زەوقسزیەکی بەلاغی و زمانێکی وشکی فکری کە زۆر قورس بوو بۆخوێنەرێك بۆچێژ وەرگرتن و بەهیوایەت چیرۆك بخوێنێتەوە بتوانێت تاکۆتایی لەگەلّیا بڕوات . بەجۆرێك کە چیرۆکمان بینی لەوشکیدا وەك ئەوە وابوو بەزمانی زانستەکانی کیمیاو فیزیا نوسرابێت . دیارەهەموو نوسەرێك ئازادە لەوەی زمانێکی وشك هەلّبژێرێت بۆگێڕانەوەی چیرۆکەکەی و باوەڕی بەو ڕیتمە شیعریە نەبێت کەهەندێك جار نوسەران تێکستەکانیانی پێ ساولوس ئەدەن , یان مەرج نیە زمانی گێڕانەوەی وشك تێکستی چاکی بەرهەم نەهێنابێت . بەلاّم گرفتی ئەم نەوەی چیرۆکنوسی کوردی وشکی زمان نیە بەم مانایە , ئەوندەی کە گرفتی لەگەلّ هەلّبژاردنی خوازەو , بونیادنانی ڕستەی درێژو نەفەس بڕو , شێواوی و پەرتەوازەیی خەیالّی زماندایە .

دووەم : لەواقعیەت هەلّهاتنێکی ناهونەری بێ ئەوەی ئامادەسازیی بۆکرابێت , بەجۆرێك هەندێکجار ڕاکردن لەواقعیەت بۆخۆی بوەتە ئامانجێك , زۆر جار هەر لەیەکەم پەرەگرافەوە دەستی پێئەکەرد بێئەوەی کەش و ئەتمۆسفێری خۆی بۆئامادەکرابێت .

پێچەوانەی ئەم دوو دیاردە باوەی چیرۆکنوسی ئەدەبی کوردی , تێکستی شتێك لە قوڕی خورافە بەگرێ بەندیەکی زۆر سفت و لەشوێن یەکچنراو , بەئشتیاق و چەشەی حکایەتبێژێکەوە , بەزمانی یاداشت نوسێکەوە , بەگرێ چنی وەستایەکی چیرۆکنوسی ڕیالیستەوە , ئەزمونێکی تازەمان نیشان ئەدات کە لەهیچ کام لە نوسینەکانی تری ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی ناچێت . فۆرمی ئەم تێکستە وەك پێشتر وتمان زۆر تایبەت و جیاکارە , تەنها دەکرێت لەچوارچێوەی ئەو کرانەوەو بەنێو یەکدا چونەی ژانرە ئەدەبیەکانی ئەدەبیاتی ئەمڕۆدا سەیری بکەین ( ئەوەی کە هەندێك لەڕەخنە گران بەئەدەبی پاشمۆدێرنیزم ناوی دەبەن ), چونکە هەم سادەییەکەی و هەم کرانەوەو تایبەتمەندیەکەیشی لە ناو هەموو ژانرەئەدەبیەکانی تردا , کاریگەری ئەم مۆدێلە ئەدەبیەی ئەمڕۆی پێوە دیارە . ( بەم دواییانە هەم سادەیی و ساکاری لەگێڕانەوەدا , هەم دەرچون لەسنوری ڕێسا و قالّبە هونەریەکانی ژانرە ئەدەبیەکان وەك جۆرێك لەمۆدەی لێهاتووە ) .

ئەم تێکستەیش هەرلەیەکەم خوێندنەوەیدا ئەوەی تیائەبینرێت , کە بەدەنگێکی حکایەتخوانانە , خەیالّێکی چیرۆکنوسانە , زمانی ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەگەری نوسراوە . گەر ئەو تۆنە حکایەتخوانیەی نەبوایە کەهەر لەیەکەم دێڕەوە لەگەلّمان دێت , خوێنەر ئەو هەستەی لادروست ئەبوو ئەم تێکستە ئەیەوێت کۆمەلّێك یاداشتی ئاوێتـە بەنۆستالیجیامان بۆبگێڕێتەوە , بەلاّم کەهەموو جارێك حکایەتخوان دێـتەوەو مخاتەبەی کوڕەکەی ئەکات , ئەمانخاتەوە بەردەم جازبیەتی ئەو حکایەتانەی کەهەر لەیەکەم بەشیەوە پێی وتین .. چەندە حکایەتی پیاوێکی نائاسییە , ئەوکاتەی تەعریفی خۆیمان بۆئەکات وەك " باوکێکی شکستەخواردوی خەیالاّوی نێو زیندە خەون و خەونەکانی " (1) .

تائێستایش کەس نازانێت سەرەتاکانی حکایەتبێژی و هۆگری مرۆڤ بۆئەم هونەرە دەگەڕێتەوە بۆکەی , لەکەیەوە مرۆڤ فێربووە لانی کەم بەشێکی تاریك و نەبینراوی ژیان لەیادەوەری حکایەتخوانەکانەوە ببیسێ ؟ جەنجالّیەکانی شارستانیەتی ئەمڕۆ و گەشەکردنی هۆکارەکانی پەیوەندیکاری comonication نەبۆتە هۆی ڕێگری لەگەشەکردنی : تۆن , ژیانسازی , کارەکتەرسازی , ڕوداودروستکردن , بەئیشکالیەتکردنی ڕیتمە هێمنەکانی ژیان , چێژبەخشینی حکایەتوانیانە ی ئەم هونەرە , بەلّکو چاپەمەنی دنیای مۆدێرن هێندەی تر جوان و جادوگەری کردووە . تاکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیش ئەدەبی مۆدێرنیزم هونەری حکایەتخوانی فەرامۆشکردبوو , وەکو هونەرێکی میللی ئاست نزم تەماشای ئەکرد , بەلاّم بەمدواییانە ئەم هونەرە بەڕنگو بۆیەکی ترەوە لای زۆر نوسەر لێزانانە کاری لەسەر کرایەوە . بێگومان لەپێش هەزارو یەکشەوە و شانامەی فیردەوسیەوە خەلّکانێك هەبوون بەسحری خەیالّ مرۆڤیان کەمەندکێشی چێژیحکایەتەکانیان کردووە . مرۆڤ هەمیشە دۆزە گرنگ و چارەنوسسازەکانی لەزاری ئەوانەوە بیستووە , پرسیارە کەینونەییەکانی ,

دڵەڕاوکێ وجودیەکانی , هەموو کێشە وردو درشتە کانی تری لەناو گرێچنی حکایەتەکاندا بینیوە . هەر لەدۆشدامان و بێ وەڵامی لەبەرامبەر پرسیارێکی وەك مردن , ئائەگاتە بەکارهێنانی حکایەت وەك هونەری ڕامکردن و هەڵخەڵەتاندن کەلای شەهرەزاد دەیبینین ( ئەو کاتەی پادشای پێ هەڵئەخەڵەتێنێت ) .

ئەمبیرتۆ ئیکۆ پێیوایە "تیۆرە جیاجیاکانی دەق هاوڕای ئەو بۆچونەن کەدەڵێت : مەسەلە گەورەکانی حکایەت هەر هەمان ئەو مەسەلە بچوکانەیە کەلەئاستی بونیادی گوتاری تێکستدا گوزارشتی لێکراوە , زۆرجار دۆزە گەورەکانی حکایەت تەنها مەبەستی فراوانکردنەوەی مەسەلەیەکی بچوکی گێڕانەوەیە , بەم مانایە :- حکایەتی ئۆدیبی پادشا , دەکرێت کورتبکرێتەوە بۆعیبارەتێك کەئەڵێت " بەدوای گوناهباردا بگەڕێ " .( 2 ) ئیکۆ بەم بۆچونەی ئەیەوێت بڵێت , دەکرێت کاولبونی وڵاتێك و مردنی هەزاران کەس لەناوحکایەتێکدا هەرهەمان ئەو مردنە ئاشکرا بکات کە لە لا کۆڵانێکدا ئەکەوێت و لاشەکەی بۆن ئەکات و کەس پێی نازانێت . گەر لە سیاقی context(شتێك لەقوڕی خورافەدا ) قسەبکەین , ئەشێت هەڵهاتن و دڵەڕاوکێی گێڕەرەوە وەك هەڵهاتن و دڵەڕاوکێی میللەتێك تەماشا بکەین کەبەکۆڵەواری گیرۆدەی دەستی بەعس بووە , ترسی بەردەوامی کەسایەتیەکانی تر لەخزمەتی سەربازی و مردنی چاوەڕوانکراویان لەوخزمەتەدا , وەك ترسی گشتی میللەتێك ببینین کەگیرۆدەی خەیاڵە سەربازیەکانی سەرۆکێك بووە , سەرۆکێك جگە لە بەسەربازیکردنی مرۆڤ هیچ پرۆژەیەکی تری پێ نیە بۆژیان .

## قەدەریەت و کلۆلی :

لەم تێکستەدا تەنها ئامۆزاکەی گێڕەرەوەمان هەیە بەئاشکرا قەدەری کلۆلی خۆی هەست پێئەکات , تەنها ئەو هۆشیارە بەکلۆلی خۆی , بەلاّم ژیان بەگشتی لەناو ئەم تێکستەدا جگە لەکلۆلی و نەهامەتی هیچ ئەگەرێکی تری لەبەردەم مرۆڤەکاندا نەهێشتۆتەوە . خوێنەر هەر لەسەرەتای تێکستەکەوە ئاشنای ئەم کارەکتەرە بێچارە ئەبێت , بەردەوام لەگەڵ ( گرێی بەدوای یەکدا هاتنی) تێکستەکە چاوەڕێیە بزانێت قەدەری شومی ئەم کورە چ کارەساتێکی چاوەڕواننەکراوی هەڵگرتووە , کەی ئەگیرێت و ئەبرێت بۆسەربازی و لەوێیشەوە ئەکوژرێت . تائەوساتەی دوای ڕاپەڕین و دوای تەواوبونی بەشی زۆری مەترسیەکانی بەعس کەرتەشاخێکی بەسەردا ئەڕوخێت . ئەم کورە لەشەڕی کۆیت و گیروگرفتەکانی خزمەتی سەربازی دەربازئەبێت , کەچی دواتر بەم قەدەرە بێمانا ئەمرێت . تەنانەت سادەیی مردنەکەیشی هەڵگری برێکی زۆر لەنامەعقولیەت و سەرسامیە . چۆن دەکرێت مرۆڤێك لەساڵی 1991 ی عێراقدا بەم شێوەیە بمرێت !؟ .

هەمو ئەو مرۆڤانەی تریش کەلەم تێکستەدا پێیان ئاشنائەبین هەریەکەیان بەجۆرێك لەجۆرەکان گیرۆدەی قەدەری خۆیان بوون , گێڕەرەوە , مامۆستای جوگرافی , ئەو شاعیرەی بەناسنامەیەکی ساختەوە لەبەغداد ئەبێتە هاوڕێی گێڕەرەوە . بەگشتی هەمو ئەو نەوەی ئەم تێکستە چیرۆکەکانیان ئەگێڕێتەوە , ( کەبەئاشکرا دیارە نەوەی هەشتاکانی سەدەی بیستەمە ) گیرهاتوون بەدەست بارودۆخی سەختی ژیانی خۆیانەوە . نەهامەتیەکانی ئەم نەوەیە تائێستا بۆتە هەوێنی زۆر تێکستی تری ئەدەبی کوردی , بەلاّم لەم نۆڤێلادا بەسادەییەکی قوڵ و ورد و جوانەوە دەرکەوتووە . وێنەی گێڕەرەوە وەك پیاوێك ئەبینین کە تەواو غەرقی ناو خەونە شۆڕشگێڕی و وەهمە ئایدۆلۆجیەکانی خۆی بووە . بەجۆرێك هەردەم ویستویەتی وەك ئەکتیڤیستێکی ئایدۆلۆجیستی ( کتێبی ) مانایەك بۆبونی خۆی بدۆزێتەوە . بەلاّم لەم واقعیەتە سەختەدا دوریی نێوان خەونەکان و سەختی بارودۆخەکە هەمیشە بەشۆکی تراژیدی پڕئەکرێتەوە , هیچ خەون و خولیایەکی ئایدۆلۆژیش نەیتوانیوە ئەو ئارامیە دەرونی و ڕۆحیە بۆمرۆڤ دابین بکات کەهەر ژیانێکی ئاسایی پێویستیەتی .

جیهانی ناو ئەم تێکستە وەك مۆتەکەیەکی ترسناك وایە و بەردەوام مرۆڤەکانی ناوی خەریکی هەڵهاتنن , هەڵهاتن لەهەموو شتێك , هەر لەقەدەرو چارەنوسی خۆیانەوە تائەگاتە دەوڵەت و دەزگاسەرکوتکەرەکانی . ژینگەی مرۆڤەکانی نێو ئەم تێکستە تاڕادەیەکی زۆر لەژینگەی نێو ڕۆمانی شۆخی ( مزحە ) ی ( *** )میلان کوندیرا ئەچێت , لەهەردوولا مرۆڤەکان لەهەڵهاتن و خۆشاردنەوەدان بێئەوەی بتوانن بگەنە هیچ پەناگەیەکی ئارام . پاڵەوانەکەی کۆندیرا لەبەر ئەوەی بەگاڵتەیەکەوە لەسەر زەرفی نامەیەك ناوی ترۆتسکی هێناوە تەواوی ژیانی لێ ئەکەنە دۆزەخ , لە تێکستی شتێك لە قوڕی خورافەیشدا ئامۆزا لەبەر ئەوەی لەپشوی هاوینی خوێندندا بەشداری

مەشقێكی سەربازی ناكات لەپەیمانگا دەرئەكرێت , لەپەیمانگا دەركردنیش بەواتای چون بۆبەرەكانی شەڕ و لەوێیشەوە شەهید بوون لەپێناوی قادسیەی سەدام . لەسایەی سیستەمە تۆتالیتاریەكاندا وەك چۆن ژیانی مرۆڤەكان بێ بەها ئەكرێت , ئاوەها یاری كردن بە چارەنوسیشیان فۆرمی كۆمەڵە ڕوداوێكی گاڵتەجاڕی كۆمیدی وەرئەگرێت .

یەكێكی تر لەدەركەوتەكانی قەدەریەت لەم تێكستەدا یەكەم تروسكەی ئاگری ڕاپەڕینەكەی باشوری عیراقە : دوای تێكشكانی سوپای عیراق لەشەڕی كوێتدا , لەبەسرە سەربازێكی ماندو , كە كەس نازانێت بەڕێكەوتە یان بەلەدەست دەرچون و نەزانین , تۆپێك ئەنێتە وێنەیەكی دیواری گەورەی سەدام حسینەوە , ئەو تۆپە ئەبێتە سەرەتای دەست پێكردنی ڕاپەڕینی باشوری 1991 , تائێستایش كەس نازنێت ئەم سەربازە كێیە كەبەتۆپێك ڕەوڕەوەی مێژوی عیراقی گۆڕی . ئەم حكایەتە كەخۆی لەڕاستیدا ڕوداوێكی واقعیی و مێژووییە هێندەی تر گاڵتەجاڕی ئەو قەدەریەتەمان نیشان ئەدات كەچارەنوسی مرۆڤ لەم وڵاتەدا ئەباتە ڕێوە . لەچاوپێكەوتنێكدا بەپۆل ڕیكۆر ئەڵێن , تائێستا چیت نەنوسیوە كەپێتوابێت نوسینیان پێویستیەك بووە ؟ ئەویش ئەڵێت " شتێك لەسەر ڕۆڵی ( ڕێكەوت و گەمژەیی ) لە ڕەوتی مێژوودا " . باوەڕم وایە گەر پۆل ڕیكۆر عێراقیەكی بەسراوی بوایە هەر ساڵی 1991 لێكۆڵینەوەكەی خۆی ئەنوسی .

## خزمەتی سەربازی :

تارماییەكانی ترسی خزمەتی سەربازی سەرانسەری ئەم دەقەی تەنیوە , ئەم ئەركەی دەوڵەت كەبەبێ مانا ناونراوە خزمەت ئەبوایە پێی بوترایە بێوگار ( سخرە ) , چونكە كارێكی بێ بەرامبەرەو بەزۆر بەمرۆڤی ئەكەن , نەك ئەوەی خزمەتێكی بەئارەزوو و هەڵبژاردنی مرۆڤ خۆی بێت , ئەمە یەكێكە لەئەركە زۆر كۆن و مێژووییەكانی دەوڵەت بەسەر هاوڵاتیەكانی خۆیەوە كەتا ئێستایش زۆر میللەت هەر ماون بەدەستیەوە ئەناڵێنن , لەلا پەڕە 35 دا گێڕەرەوە بەكوڕەكەی خۆی ئەڵێت " ئێمەهەمومان لای ئەو بەسەربازی لەدایك ئەبین و بەسەر بازیش دەبێت بمرین , بەتایبەتی ئەگەر كوردیش بیت ئەوە حسابی خۆت لەنێو ناچیزەكاندا بكە .. " . لێرەدا كوشندەیی خەیاڵە سەربازیەكانی بەعسمان بۆدەرئەكەوێت , ڕادەی بێزاری و نائومێدی و تەسلیم بون بەقەدەری سەربازیمان بۆدەرئەكەوێت لەبەردەستی ئەم دەسلاّتدارێتیەدا . كێ ئەتوانێت لەم بێوگاری سەربازییە هەڵبێت , تۆ كە هەر لەدایك بویت ئیتر حسابی ئەوەت بۆئەكرێت كەی پێبگەیت و ببیتە سەربازێكی ( وەتەنی ) باش , تائەو ڕۆژەی ڕۆكێتێكی وێڵ وەكو مامۆستای جوگرافیا ئەتكوژێت . دەزگای خزمەتی سەربازی لەم تێكستەدا بەشیوەیەكی كافكاییانە وێناكراوە , كافكا دەزگای سەربازی دەوڵەتی مۆدێرن وەك كۆمەڵێك دەزگای بیرۆكراتی گەورەی بێكەڵك وێنا ئەكات كەخاڵیە لەبەها سەربازیە كۆنەكانی وەك جوامێری و بوێری ... لەم تێكستەیشدا دەزگای سەربازی بوارێكە بۆمردنێكی بێدەسلاّتانە , مردنێك دواتر بەو پەڕی خوێنساردیەوە پلەی شەهادەتی پێئەبەخشرێت .

ئەم تێكستە ئەگەر چی سادەییەكەی یەكێك لە تایبەتمەندیە جوانەكانیەتی , بەلاّم تاڕادەیەكی زۆر پابەندی سنورە لۆژیكیەكانی ئەو واقعیەتەیە كە ئەشێت چیرۆكێكی وا لەواقعدا هەیبێت , هەر ئەم واقعیەتەیشە وای كردووە خوێنەر هەر بەیەكجاری خوێندنەوەی ئكتیفا بكات . وەك ڕۆمانەكانی پاولۆكۆیلۆ هەر یەكجار بخوێنرێتەوەو ئیتر تەواو , مەترسی ئەم واقعی بونەیش ئەوەیە ئاستی چێژوەرگرتن و دەقئامێزانی خوێنەر گرێبداتە كاتی پرۆسەی خوێندنەوەوە , ئەمەش وائەكات پرۆسەی خوێندنەوە تەمەن كورت بێت و دوای دانانی كتێبەكە كاریگەریە ڕۆحی و دەرونیەكانی تێكست لەبیربچێتەوە , یان خوێنەر كەكتێبەكەی دانا ئیتر جارێكی تر نەیەتەوە سەری . دیارە بەهیچ شێوەیەك مەبەستمان بەگرنگ نیشاندانی تەم و مژو ئاڵۆزی نیە كەهەمیشە گرفتێكی قورسی ئەدەبی گێڕانەوەی كوردی بووە , هێندەی تێبینیە لەسەر ئەو پابەندیە وردەی كەوا نوسەری بەوێنە واقعیەكانی ڕوداوەكانەوە گیرداوە . لەئاستی زمانیشدا زمانە ڕیپۆرتێریەكەی ڕیتمی زمانەوانی تێكستەكەی لاواز كردووە . یان لەوانەیە بەهەڵەدا نەچین گەر بڵێین ڕەگەزی زمان لەم تێكستەدا بەشدار نیە لەجوانتركردن و ناسكتركردنی كۆی گشتی تێكستەكەدا . كەبڕوام وایە هیچ دوودڵیەكی ناوێت بۆئەوەی وەك ئەزمونێكی تازەو جوانی ئەدەبی گێڕانەوەی كوردی تەماشای بكەین .

............................................................................................

(1)ئیسماعیل حەمەدەمین : شتێك لەقوڕی خورافە / ل: 5 دەزگای چاپ و بلاّوكردنەوەی ئاراس .

( 2) . القاريْ في الحكاية :أمبرتو ايكو / ت : انطوان ابوزيد / المركز الثقافي العربي /1996

(*)novella بەزمانی ئینگلیزی هەم بەمانای کورتە حکایەت دێت و هەم بەمانای کورتە ڕۆمانیش .. ئەوەی لەئەدەبی کوردیدا پێی ئەڵێن نۆڤلێت , وەرگیراو لە novelette ی ئینگلیزیەوە .

(**) ايتالو كالفينو : السيد بالومار / ت : ياسين طه حافظ / دار المأمون للترجمة والنشر 1989 بغداد

(***) ميلان كونديرا : المزحة / ت د . انطون حمصي / ورد للطباعة والنشر والتوزيع 1998 ديمشق